سەرۆک کۆمار یاسای پشووی فەرمیبەکانی پەسەندکرد



سەرۆک کۆماری عێراق واژووی لەسەر یاسای پشووی فەرمیبەکان کرد.

سەرکایەتیی کۆماری عێراق لە راگەیەندراوەکدا بۆاویکردەوە، د. لەتیف رەشید سەرۆك کۆمار واژووی لەسەر یاسای پشووی فەرمیبەکان کردووە.

رۆژی یەکشەممەی رابردوو ئەنجومەنی نوێنەران یاسای پشووی فەرمیبەکانی بە سەرکایەتیی کۆمار نارد.

بەپێی یاساکە رۆژانی هەینی و شەممەی هەموو هەفتەیەک لە سەرانسەری عێراق پشووی فەرمیە.

جگە لەو رۆژانەش 1ی موحەرەم و 10ی موحەرەم، 12ی ڕەبیعی یەکەم، 3-1ی شەوال وات جژنی ڕەمەزان، 13-10ی زولحیجە وات جژنی قوربان، 18ی زولحیجە جژنی غەدیر، 1ی کانوونی دووەم جژنی سەری ساڵ، 6ی کانوونی دووەم یادی دامەزراندنی سوپای عێراق، 21ی ئازار جژنی نەورۆز، 1ی ئایار جژنی کرێکاران، 16ی ئازار ساڵڕۆژی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پشووی فەرمین.